**ڕێزمانی کاری بوون:**

کاری ( بوون ) ئەم جۆرانەی لێ دەستنیشان دەکرێت .

**١-** یاریدەدەر:

٢- بونایەتی:

٣- هەبوون :

بوون وەکو چاوگ لە سێ مۆرفیم پێک دێت:  ب  +  وو + ن

ڕەگ  کات  چاوگ

ئەم کارە بە تایبەتی ئەلۆمۆرفەکانی لێ دروست دەبێت ئەلۆمۆرفەکانی دەبن بە سفرە

- لە کاتی ئێستادا     کێیە      کێ بوو      منم      من بوو

منم  = ڕەگ  +کات + ڕاناو

بوونی یاریدەدەر

- لە ڕابردووی تێنەپەڕ: من هاتبووم ← ( ب )دەرکەوتووە

- لە ئێستادا من هاتووم

بۆ کەسەکان  (هاتبووم ) – ( هاتبوویت ) – (هاتوویت )

**بوونی یاریدەدەر** (بوونایەتی): (کەینوونە ، کان ، بوودەن ، to be )

من مامۆستام  -  من مامۆستا بووم

**بوونی هەبوون** : ( وجوود ، داشتەن ، to have)

من هەم    -   تۆ هەیت    -   ئەو هەیە

**جیاوازی بوون و هەبوون لەگەڵ کاری تری ئاسایی:**

١- لە بوون و هەبووندا بکەر نادیار نییە

٢- له جۆرەکانی بوون و هەبووندا مۆرفیمی ئاندن وەرناگرێت.

٣- هەردوو جۆری بوون و هەبوون تێنەپەڕن.

جیاوازی بوونایەتی لەگەڵ هەبوون و یاریدەدەر

آ- بونایەتی پاشگری (ەوە)ی دووبارەبوونەوە وەردەگرێت بەڵام (ەوە) ناچێتە سەر بوونی یاریدەدەر و هەبوون؛

**من بووم**          **من بوومەوە بە مامۆستا**     من مامۆستا بووم

ب- له نەفیدا جۆری یەکەم بوونایەتی له ڕانەبردوو (نا) وەردەگرێت بەڵام جۆری دووەم و سێیەم (نی) وەردەگرن؛

من نابم بە مامۆستا        من قوتابی نیم ، یاخود      من مامۆستا نیم

ج- جۆری یەکەم دەتوانێ مۆرفیمی واتا گوڕ وەربگرێت، وەک؛ هەڵ ڕۆڵ دا کەچی جۆری دووەم و سێیەم وەرناگرێت هەڵبوون